عامری و مەندەلاوی باس لە جووڵەی بەردەوام بۆ هەڵبژاردنی سەرکی نوێی پەرلەمان دەکەن



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرکی هاوپەیمانی نەبنی هادی عامری، لەگەڵ موحسین مەندەلاوی سەرکی پەرلەمان بۆ وەکالەت باسی لە جووڵەی بەردەوام بۆ هەڵبژاردنی سەرکی نوێی پەرلەمان کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی عامری لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەمڕۆ چوارشەممە، هادی عامری سەرکی هاوپەیمانی نەبنی، لە نوسینگەی خۆی لە بەغدا، پێشوازیکرد لە موحسین مەندەلاوی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بەوەکالەت، و هەردوولا دوایین پێشهاتەکان و گفتوگۆ سیاسیەکان و کاروباری پەرلەمان و جموجۆڵەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران تاوتوێ کرد.

ئاشکراشیکرد: لە کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنگترین یاسا و پەسندکردنی یاساکان کرا کە ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی داهاتوودا کاریان لەسەر دەکات، دیارترینیان یاسای بودجەی گشتی بۆ ساڵی 2024 و گفتوگۆیەکی پێشنیارکراوەکان بوو.